Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090320

# کاریگەری شاعیرانی کلاسیکی کورد لەسەر (مینە جاف)

فرهاد قادر کریم

أكرم عباس خورشيد

بەشی زمانی کوردی // کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت // زانکۆی گەرمیان

*Article Info*

Received: April ,2022
Accepted : June,2022
Published :September ,2022

*Keywords*

کاریگەری، شاعیر، ئەدەب، مینە، کلاسیک

*Corresponding Author*

farhad.qadir@garmian.edu.krd
Akramabbas364@gmail.com

**پوختە**

کاریگەربوونی شاعیران بە بەرهەمی شیعری یەکتر دیاردەیەکە، یاخود تایبەتمەندییەکی شێوازی شاعیرە بۆ پێشخستنی ئەدەب و پێشکەوتنی، وە ئەم کاریگەربوونە بووەتە نەریتێک لای شاعیران و ئاماژەیە بە ڕەسەنی کەسی داهێنەر، ئەگەر هاتوو بە شێوەیەکی هونەری و داهێنانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بە شێوەیەک، کە دوور بێت لە لاسایی کردنەوە. وە ئەم دیاردەیە لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیماندا بوونی هەیە و شاعیرانی کلاسیکی کوردیمان بەهەمان شێوەی شاعیرانی گەلانی ترکەم تا زۆر کاریگەر بوونە بە شیعری یەکتر.

(مینە جاف)ی شاعیریش وەکو شاعیرێکی ئەدەبی کلاسیکی کوردی ئەزموونە شیعرییەکەی کاریگەر بووە بە شیعری چەندین شاعیری کوردی سەر بەهەمان ڕێبازی ئەدەبی پێش خۆی و سەردەمی خۆی، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی ئەوومان داوە، کە بەراوردی چەند نمونەیەکی شیعری شاعیر لەگەڵ چەند نمونەیەکی شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردیماندا بکەین و ڕووی لێکچوونیان دیاری بکەین و سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی شاعیر لەم ئەزموونەیدا بخەینە ڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش نمونەی دێڕی شیعری (١٤)شاعیری کلاسیکی کوردیمان وەرگرتووە، بەمەبستی ئەنجامدانی خوێندنەوە بۆیان و بەراوردکردنیان لەگەڵ چەند دێڕە شیعرێکی (مینە جاف)دا.

## پێشەکی:

کاریگەربوونی شاعیر و ئەدیبان بە بەرهەمی یەکتر، دیاردەیەکی گشتییە و لە ئەدەبیاتی تەواوی جیهاندا بە ڕێژەی جیاواز بوونی هەیە، پەیبردنیش بەسەرچاوە شیعرییەکانی هەر شاعیرێک و ناسینی ئەو شاعیرانەی، کە کاریگەرییان لەسەری دروستکردووە، کارێکی هەروا ئاسان نییە، بەوپێیەی وابەستەی ژێرخانی ڕۆشنبیری و ئەدەبی شاعیرە و گەلێک جار لەو وێنە و بابەتانەی دەبنە جێی سەرنج و تێڕامانی شاعیر لە نەستی شاعیردا دەمێننەوە و هەندێ جار دوای ساڵانێکی زۆر بەڕەنگای جیاواز دەبنە هەوێنی وێنە و دەقی شیعریی نوێ، جا ئەو کاریگەربوون و سەرهەڵدانەوەیە هەندێ جار بەرگێکی داهێنانە دەپۆشێت و هەندێ جاریش خۆی لە لاساییکردنەوەدا دەبینێتەوە.

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە باسکردنی کاریگەری (١٤) شاعیری کلاسیکی کورد لە سەر (مینە جاف)، وەکو (مستەفا بەگی کوردی، مەولەوی، حاجی قادری کۆیی، وەلی دێوانە، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، وەفایی، حەمدی، زێوەر، تاهیر بەگی جاف، شێخ سەلامی عازەبانی، ئەسیری، ئەحمەد موختار جاف، فایق بێکەس، ئەخۆڵ.)

کاریگەرییەکەش لەسەر ڕۆشنایی نمونەی شیعریی دەرخراوە و لە ڕێگەی شیکردنەوەی نمونەکانەوە، جۆری کاریگەرییەکە و چونێتی کاریگەرییەکە دەرخراوە، لە ڕیزبەندکردنی شاعیرەکانیشدا، هەوڵی ئەوەمانداوە، کە بەپێی تەمەنیان ڕیزبەندیان بکەین.

لە نووسینەوەی توێژینەوەکەشدا پشت بە ڕێبازی(وەسفی . شیکاری) بەستراوە و لەو ڕێگەیەوە باسی چۆنێتی کاریگەرییەکە کراوە و شیکردنەوە بۆ دێڕە شیعرییەکان ئەنجامدراوە و لەبەر ڕۆشنایی شیعرەکان زانیارییەکان خراونەتە ڕوو.

## کاریگەری ئەدەبی:

کاریگەری ئەدەبی، کە لای عەرەبەکان بە (سرقات، إنتحال، تناص، أخذ ...) ناوزەندکراوە، دیاردەیەکی زۆر کۆنە و هەر لە مێژەوە لە ئەدەبیاتی گەلاندا بوونی هەبووە، تەنانەت (ئەرستۆ ٣٢٢.٣٨٤پ.ز) ئاماژەی بە جۆرێکی ئەم کاریگەرییەی کردووە کاتێک، کە وتوویەتی (هەندێ وێنەی دەربڕینی کۆن هەیە، کە لە ئێستادا شاعیران بەکاریان دەهێنن، لە کاتێکدا لە کەسانی پێش خۆیان وەریانگرتووە، هەروەها (هۆراس٨٦٥ پ.ز) دانی بەوەدا ناوە، کە لاسایی (ئەرکیلۆس) و (ئەلکیوس)ی کردووەتەوە.)(هدارة،١٩٥٨: ٤)

کەوابوو دیاردەی وەرگرتنی شاعیران لەیەکتر و کاریگەربوونیان بە بەرهەمی یەکتر شتێکی نوێ نییە لە ئەدەبیاتدا و دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە وابەستە نییە بە گەل و نەتەوەیەکی دیاریکراوەوە، یان تایبەت نییە بە سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراوەوە، بەڵکو (لە ڕاستیدا کاریگەری ئەدەبی وەکو دیاردەیەکی مرۆیی شتێکی هاوبەشە لە نێوان هەموو ئەدەبەکاندا، بەڵام ڕێبازی ڕەخنەگران لە تێگەیشتن وباسکردنیاندا لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی تر جیاوازە.) (هەمان سەرچاوە :٢١٩)

هەرچەندە ئەم دیاردەیە لای هەندێ لە شارەزایانی ئەدەب بە (نەخۆشییەکی کۆن و خەوشێکی کۆن ناوبراوە)(الجرجاني،نیيە:٢١٤)، بەڵام لای هەندێ (لە ئەدەب ناسانی کۆن ئەم دیاردەیە بە جۆرێک لە هونەری ئەدەبی ناوزەند کراوە، بەو پێیەی، کە هەموو ئەدیبێک ئەو توانایەی نییە، کە بتوانێ خاوەندارێتی بەرهەمی ئەدەبی لە خاوەنە ڕەسەنەکەی بترازێنێت و مۆرکی خۆی پێ ببەخشێت و بەشێوەیەک دایبڕێژێت، کە خوێنەر بە لاڕێدا ببات.)(طبانە، نیيە : ١٦١)

نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت، کە(خودی ئەدەبیش بریتییە لە کاریگەری، هەر گاریگەرییەکیش لە ڕێگەی زمانەوە بێتە کایەوە ئەدەبە، هەروەها لە نێوان ئەدیب و خوێنەردا پەیوەندییەک هەیە، چونکە ئەدیب کاریگەری لەسەر خوێنەر دروست دەکات، و خوێنەریش کاریگەر دەبێت، بۆیە ئەدەبیش ئەو کاریگەرییەیە، کە لە ئەدیبەوە دەگوازرێتەوە بۆ خوێنەر، ئەم کاریگەرییەش لە شێوەی جودادا خۆی دەنوێنێ، وەکو سەرسام بوون بە شێوازی خستنەڕوو، شێوازی دەربڕین، توانا لە وەسف و شیکارکردندا و یان ورژندنی بیری مرۆڤ ... تا ئەوە ڕادەیەی، کە هەندێ جار کاریگەربوونەکە لە مێشکی مرۆڤدا شوێنەواری قوڵ بە جێ دەهێڵێ و دەبێتە هۆی دەستبەرداربوون لە بۆچونی خۆدی و کاریگەربوون بە بۆچونی ئەدیبەکە) (ندا،١٩٩١: ١١)

هەروەها دەبێت ئەوەشمان لەیادبێت، کە توێژەر کاتێک باسی کاریگەری و کاریگەربون دەکات، مەرج نییە بگاتە دەرئەنجامێکی ڕەها، چونکە (گرفتی کاریگەری و کاریگەربوون یەکێکە لە گرفتە ئاڵۆزەکان و بڕیاردان و یەکلاییکردنەوەی کارێکی هەروا ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی ئەگەری ئەوە هەیە دوو کار چوونیەکبن، یان هاوشێوە بن، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان ڕەسەنێتی سەربەخۆی خۆی هەبێت و پەیوەندی بەوی تریانەوە نەبێت)(عمر،١٩٨٨ :٣٤١)، بۆیە پێویستە ئێمە پێش ئەوەی بچینە نێو کرۆکی باسەکەمانەوە، لە لایەکەوە ئاگاداری ئەوە بین، کە ( لە کاتی بینی وێکچوون لە کارێکی ئەدەبیدا، تەنها کات (الزمن) بەس نییە بۆ ئەوەی بڕیار لە سەر کاریگەربوونی شاعیرێک بە شاعیری پێش خۆی بدەین، لە لایەکی تریشەوە دەبێ ئاگاداری ئەوە بین، کە پێشتر بڕیاری زۆر دراوە دەربارەی کاریگەربوون و کاریگەری، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئەوە دەرکەوتووە، کە ئەو بڕیارانە دروست نەبوون، یان هەر هیچ نەبێت جێگای گۆمان بوون.)(هەمان سەرچاوە) هەروەها (بڕیاردانای کۆتایی لە سەر یەکلایکردنەوەی کاریگەریی ئەدەبی زۆر قورس و ستەم دەبێت، لە کاتێکدا، ئەگەر هۆکارەکانی فەراهەم نەکرابێت) (طبانە، نیيە: ٩)

سەرەڕای ئەوانەش دەبێت ئاگاداری ئەوە بین، کە دەرخستنی لایەنی وێکچوونی دوو بەرهەمی ئەدەبی سەر بەهەمان زمان بابەتێکی جودایە لە ئەدەبی بەراوردکاری، هەر وەک چۆن (( بەراوردکردنی (ئەحمەدی خانی) و (حاجی قادری کۆیی) یا (حاجی قادری کۆیی) و (مەلا محەمەدی کۆیی)، یا (گۆران) و (سەلام) لە شیێی کورەکانیاندا، یا بەراوردکردنی (گۆران و (کامەران) و (هەژار) لە هەستی مرۆڤایەتیدا، ئەمانە هیچێکیان ناکەونە بەر ئەدەبی بەراوردکارییەوە.))( گەردی،١٩٨٧ :٤٩)، بەڵکو دەچنە خانەی هاوسەنگی ئەدەبییەوە ( هاوسەنگی دەکرێت لە نێوان دوو شاعیردا بکرێت، کە لە سەدەیەکدا ژیابن، یاخود لە بابەتێکی شیعریدا هاوبەش بن ڕەخنەگر دەتوانێت بە پێوەرێک یان زیاتر وەربگرێت و لەبەر ڕۆشناییدا هاوسەنگی لە نێوان دوو شاعیردا بکات.) (مبارك، ٢٠١٣. ٢٠١٤ :٥)، بێگومان ئەمەش لە نێوان دوو شاعیری سەربەیەک زماندا دەبێت، هەر بۆیە

ئەم توێژینەوەیەش بەو پێیەی، کە باس لە کاریگەری شاعیرانی کورد دەکات
لە سەر (مینە جاف) دیسان ناچێتە قاڵبی ئەدەبی بەراوردکارییەوە.

**کورتەیەک دەربارەی ڕێبازی کلاسیزم:**

ئەم ڕێبازە ((لە ڕووی سەردەمی لەدایکبوونیەوە بە کۆنترین ڕێبازی ئەدەبی و ڕەخنەیی دادەنرێت، کە لە ئەوروپادا سەری هەڵداوە ... باوترین مانا بۆ ناوی کلاسیزم لە ڕووی ئەدەبییەوە لاسایی کردنەوەیە، مەبەست لەمەش لاسایی کردنەوەی نمونە ئەدەبییەکانی گریکە...)) (ئامێدی،٢٠٠٣ :٢٠) هەروەها کلاسیک(( بە هەموو ئەو بەرهەمانە دەگوترێ، کە پەسەند و ڕەسەن و دانسقەن، هەروەها بەو بەرهەمانەی پێش ڕۆمانسیزم سەریان هەڵداوە.)) (پیرباڵ، ٢٠٠٩ : ١٥)

**کاریگەری شاعیرانی کلاسیکی کورد لەسەر (مینە جاف)**

بە پێی ئەو پێشەکییەی کە (د.حسن جاف) بۆ دیوانە شیعرییەکەی (محمد ئەمین بەگی کەریم بەگ) ناسراو بە (مینە جاف) (١٩٦٥.١٩١١)، نووسیوویەتی شاعیر سودێکی زۆری بینیوە لە بەرهەمی کلاسیکی کوردیمان و((کەڵکێکی زۆری لە شیعری مەولەویی تاوەگۆزی و مستەفا بەگی کوردی و سەیید فەتاحی جەباری و ناری و حەمە ئاغای دەربەندفەقەرە و پیرە مێرد و شێخ ڕەزای تاڵەبانی وەرگرتووە و لەگەڵ شاعیرە هاوچەرخەکان دا موشاعەرەی کردووە و کارێکی زۆریان تێ کردووە، بەتایبەتی هاوڕێتیی لەگەڵ خوالێخۆشبوو شێخ سەلام و فائیق بێکەس و ئەخول و ئەحمەد موختار جاف دا بووە .)) (نەریمان، ١٩٩٠ :٥)، بەڵام بە پێی پێداچوونەوەی ئێمە بە دیوانی ئەو شاعیرانەدا و چەند شاعیرێکی تری سەر بەهەمان قوتابخانەی ئەدەبی، ئەومان بۆ دەرکەوت، کە (مینە جاف) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کەڵکی لە شیعری هەریەک لە (سەیید فەتاحی جەباری و ناری و حەمە ئاغای دەربەندفەقەرە.) وەرنەگرتووە، وەکو ئەوەی، کە لە هەندێ سەرچاوەدا ئاماژەی پێکراوە، بەڵکو سوودی لە ئەزموونی هەندێ شاعیری تری سەر بەم ڕێبازە ئەدەبییە وەرگرتووە وەکو ( وەفایی، تاهیر بەگی جاف، حاجی قادری کۆیی، ئەسیری، حەمدی،زێوەر،وەلی دێوانە)، بەم پێیە شاعیر کاریگەر بووە بە چەندین شاعیر لە شاعیرانی کلاسیکی کوردیمان.

(مینە جاف) لە ڕێگەی شیعری ئەو شاعیرانەوە ئەزموونی شیعریی خۆی دەوڵەمەند کردووە، ئەمەش دەرئەنجامی ڕۆشنبیری و خوێندنەوەی شاعیر بووە بۆ شیعری شاعیرانی تر و چێژوەرگرتن لە بەرهەمە شیعرییەکانیان، ئەگینا ((کاریگەری و وەرگرتن بێ خوێندنەوە و پاشانیش (ئیعجاب) نەدروست دەبێ و نە دێتە کایەوە و پیادە ناکرێ.)) (مولود،٢٠٠٧ :١٠٥) چێژوەرگرتنی ئەدەبیش بریتییە لە ((فریشتەی تێگەیشتن و چێژوەرگرتن لە هەر شتێک، کە لە ئەدەب و هونەردا جوانە.))(کەفافی،٢٠١١ :١٠٦)

نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، کە تەمەنی شیعریی شاعیر هاوکات بووە لەگەڵ کامڵبوونی شیعری کلاسیکی کوردی، هەر بۆیە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی بە نرخی لەبەر دەستدا بووە، لە خوارەوە هەوڵئەدەین بە نمونە ئەم ڕاستییە پیشان بدەین :

**١ / مستەفا بەگی کوردی (١٧٨٢ . ١٨٥٩) :**

مستەفا بەگی کوردی لە شیعرێکدا دەڵێت :

کوان ڕەفیقانی طەریقەت ، دەردی عەشقم چارکەن
یا بە جارێ بمکوژن ، جەرگم بە خەنجەر پارەکەن

(حەمە بۆر ، ٢٠١٠ : ٤١٠)

(مینە جاف)یش لە شیعرێکیدا دەڵێت :

یەک کەڕڕەت خوێنم برێژن ڕۆح دەرێنن بمکوژن
نەک هەموو وەخت و سەعاتێ بمخەنە گیاندانەوە

(نەریمان،١٩٩٠ :٢٦٧)

وێنەی ناو هەردوو دێڕەکە لەسەر هەمان بیر داڕێژراوە، هەردوو شاعیر، مەرگیان پێ خۆشترە، تا جەفای خۆشەویستەکانیان، کاریگەری دێڕە شیعرەکەی (کوردی) بەسەر دێڕە شیعرەکەی (مینە)وە ڕوون و دیارە، و هەردووکیان شێوازی (داواکردن)یان بەکارهێناوە.

ئەم جۆرە کاریگەرییەش پێی دەوترێت (وەرگرتنی واتا و چەند زاراوەیەک.) (الحديدي،١٩٩٥ :٥١)، چونکە واتای هەردوو دێڕەکە هەمان واتایە، لەگەڵ ئەوەشدا (مینە جاف) زاراوەی ( بمکوژن)ی لە کوردی شاعیرەوە وەرگرتووە.

لە شیعرێکی تردا (کوردی) دەڵێت :

بە کەیفی خۆیە، موختارە، هەچی دەیڵێ و بڵێ ،ئیدی
کە ئەو سوڵتانی خووبانە و دڵی (کوردی) گەدایەکە

(حەمە بۆر ،بەرگی دوو، ٢٠١٠ : ٤٢ )

(مینە جاف)یش لە بارەیەوە دەڵێت :

عـەزیزم تۆ حوکمداری و منیش کەمتر غولامێکم
بە ڕاسی عەیبە بۆ تۆ قین لەگەڵ کەمتر غولامانت

(نەریمان،١٩٩٠ :٢٨٤)

دیسان وێنەی ناو هەردوو دێڕەکە لەسەر هەمان بیر داڕێژراوە، هەرچی (کوردی) شاعیرە خۆی بە خزمەتکاری یار زانیووە، بەڵام (مینە) خۆی لە خزمەتکار بەکەمتر زانیووە. کاریگەری دێڕە شیعرەکەی (کوردی) بەسەر دێڕە شیعرەکەی (مینە)وە ڕوونە. بە هەمان شێوە لەم دێڕە شیعرەشدا دیسان (مینە جاف) لە دێڕە شیعرەکەی (کوردی)دا واتا و زاراوەی وەرگرتووە.

**٢ / مەولەوی (١٨٠٦ . ١٨٨٢) :**

((مەولەوی بەزمانی حاجی مەحمودی یاروەیسەوە لە لاواندنەوەی کوڕێکی مردوویا دەڵێت :

پەردەی سەبووریم دڕیا ، ڕۆڵــە ڕۆ
ڕیشەی جەرگەکەم بڕیا ، ڕۆڵــە ڕۆ
وە ناکاە هیجرەت کەردەم ، ڕۆڵـە ڕۆ
داخان گشت وە خاک بەردەم ،ڕۆڵە ڕۆ
خـان و مان خامۆش بێ تۆ ، ڕۆڵـە ڕۆ
ئەتفالان مەدهۆش بێ تۆ ، ڕۆڵــە ڕۆ))

(مدرس ،١٣٨٦ :١٢٢ )

(مینە جاف)یش بۆ کۆچی دوایی کچ و کوڕێکی جوانە مەرگی خۆی دەڵێت :

ئەیرۆ بەرلـە من شێـویا ڕۆڵە ڕۆ
ڕیشەی دڵ خۆشیم کێشیا ڕۆڵە ڕۆ
قەڵای ئامانجــم ڕووخیا ڕۆڵە ڕۆ
لە پڕ تاراجـــم کریا ڕۆڵە ڕۆ
تاڵی دڵشادیم بڕیا ڕۆڵـــە ڕۆ
پشتی غیرەتم شکیا ڕۆڵـــە ڕۆ

(نەریمان، ١٩٩٠ :١٦٦)

وێنەی ناو هەردوو دێڕەکە لەسەر هەمان بیر داڕێژراوە، وکاریگەری دێڕە شیعرەکەی (مەولەوی) بەسەر دێڕە شیعرەکەی (مینە جاف)وە، لە ڕووی سۆز و شێوازی دەربڕین و تەکنیکەوە زۆر ئاشکرایە.

ئەم جۆرە کاریگەرییەش پێی دەوترێت (وەرگرتنی واتا و چەند زاراوەیەک.) (الحدیدي،١٩٩٥ :٥١)، چونکە واتا هەمان واتایە، لەگەڵ ئەوەشدا (مینە جاف) زاراوەی (ڕۆڵە ڕۆی)ی لە (مەولەوی) یەوە وەرگرتووە.

هەروەها مەولەوی لە دێڕە شیعرێکی تردا دەڵێت :

پەژارەت شـادیم جــە بێخ ئاوەردەن
دووریت ڕیشـەی دڵ خـەیمەکەن کەردن

(مدرس ،١٣٨٦ :١٣٠ )

(مینە جاف)یش دەڵێت :

دەرکێشا ڕیشـەی نەشاتم جـە بێخ
جگەر قیمە کەرد پەی کەباب و تێخ

(نەریمان، ١٩٩٠ :١٢٩)

دیسان وێنەی ناو هەردوو دێڕەکە لەسەر هەمان بیر داڕێژراوە، وشەی (بێخ)، کە بەواتای لە ڕەگ و ڕیشەوە دەرهێنان دێت، بووەتە کرۆکی درووست بوونی پەیوەندی نێوان هەردوو دێڕە شیعرەکە، و کاریگەری دێڕە شیعرەکەی (مەولەوی) بەسەر دێڕە شیعرەکەی (مینە)وە زۆر ئاشکرایە، جۆری کاریگەرییەکەش وەکو دیارە، دیسان بریتییە لە وەرگرتنی واتا و زاراوە.

**٣ / حاجی قادری کۆیی (١٨١٥ . ١٨٩٢):**

حاجی قادر لە شیعرێکیدا بەختی خۆی ئەدوێنێ و دەڵێت:

لە حیلە حیلی کەحێل و لە بارە باڕی مــــەڕان
لە دەنگی قۆڕەی گا جووت و بۆڕەی مــــانگا
لە گورگە لوور و حەپەی سـەگ ، لە قارە قاڕی بزن
لـە عەکسی دەنگی دوبارەی کە دێتەوە لە چیــا
لـە ئۆحە ئۆحەیی گاوان و قیڕە قیڕی شـــوان
لـە بگرەبەردەی کابان دەبێتە حەشر و حــــەلا

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .
یەکێکی نایەتەوە، چونیان هەر ئەو چوونـــە
لە شێخ و عالیم و جاهیل، لە پادشاە و گـــەدا
(میران و شارەزا ،٤٢.:١٣٩٠ و٤٤)

(مینە جاف) یش لە ژێر کاریگەری ئەو شیعرەدا دڵی خۆی ئەدوێنێت و دەڵێت :

ئەی دڵ کۆمەڵـەی یارانی نـاودار
سام و شەوکەت و زەمزەمە و ویقار
. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .
بۆ لە گشـت لاێ شوێنیـان براوە
دەنگی هات هاتی قوشچی ڕاوە بـاز
. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .
هارە شام ڕەخت و درنگەی تەپڵی باز
ڕۆیین بـــە بێ شوێن سەریان ناوە

(نەریمان، ١٩٩٠ :١١٤.١١٣)

بنیاتی بیری هەردوو شیعرەکە بریتیە لە ڕاگوزەری دونیا و کۆتایهاتنی هەموو دەنگ و ڕەنگەکان، بە واتا فەلسەفەی ژیان و مردن بنیاتی ناون. ئەم جۆرە کاریگەرییەش پێی دەوترێت (وەرگرتنی واتا.)(الحدیدي،١٩٩٥ :٥١)، چونکە لە ڕووی واتاوە هەمان واتا دەبەخشن، بەڵام (مینە جاف) هیچ زاراوەیەکی لە شیعرەکەی (حاجی قادر)ەوە وەرنەگرتووە.

حاجی قادر لە دێرێکدا گوزارشت لە ڕەشبینی خۆی دەکات سەبارەت بە گەیشتنی بەیار ودەڵێت:

لــە ژێر قاقی فیراقیدا وەها فەرسودەیە جیسمم
لە گەڵ عەنقا قەرینم من لە ئیسمی بێ موسەممادا
(میران و شارەزا ،٥٣.:١٣٩٠)

(مینە جاف) یش لە ژێر کاریگەری ئەو شیعرەدا باڵندەی ئەفسانەیی (عەنقا) بەکار دەهێنێت بۆ گوزارشت لە نائومێدی گەیشتنی بە یار ودەڵێت:

ویساڵ بۆ من وەکو عەنقایە ئیسمی بێ موسەممایە
بە چاو نابینم ئەو ڕۆژەی هەتا ڕۆژێ بێ عومرم

(نەریمان، ١٩٩٠ :٢٧٧)

بەراوردی هەردوو دێڕەکە بەهێزی کاریگەری شیعرەکەی حاجی بەسەر شیعرەکەی (مینە)وە دەبینرێت و وێنەی دابڕان و پێگەیشتن دەنەخشێنێت. وەکو دیارە جۆری کاریگەرییەکەش بریتییە لە وەرگرتنی واتا و زاراوە.

**٤ / وەلی دێوانە (١٨٢٦ . ١٨٨١ ) :**

وەڵی دێوانە دەڵێت :

تۆ جێگات سـازە کوێستان نیشنی
کەی دەربەستی ئێش منی خەمینی

(ڕازی ، نییە : ٤٦)

هەر لەو چوارچێوەیەدا (مینە جاف)یش دەڵێت :

قیبلەم تو ئە سەیر سەفای کۆساران
هیــچ نیەن یادت جە دڵ ئەوکاران

(نەریمان، ١٩٩٠ :٢٤١)

وێنەی ناو هەردوو دێڕەکە لەسەر هەمان بیر داڕێژراوە، هەردوو شاعیر باس لە بێباکی خۆشەویستەکانیان دەکەن، و هەرچی (وەلی دێوانە) یە هەموو کوێستانی کردووە بە جێگای خۆشی و شادی خۆشەویستەکەی، هەرچی (مینە)شە نەیتوانیوە لە بازنەی لاساییکردنەوە (تقلیدی)یەکە خۆی دەرباز بکات، ئەوەندە هەیە، کە شوێنێکی بەرتەسکتری کردووە بە جێگای خۆشگوزەرانی خۆشەویستەکەی ، کە ئەویش (کۆسار)ە، جۆری کاریگەرییەکەش ڕوونە، کە بریتییە لە وەرگرتنی واتا.

لە دێڕێکی تردا وەڵی دێوانە دەڵێت :

ئاسکی کەژاڵ ، چاو لـە دەشت و دەر
توند سرک و گورج لە سێبەر سڵ کەر

(ڕازی ، نییە : ٥٠)

(مینە جاف)یش دەڵێت :

وەک ئاهووی تاتار لە سا سڵ کەردە

وەحش و بێ فامە وەک ئاهووی هەردە

(نەریمان،١٩٩٠: ٢٨٣)

وێنەی ناو هەردوو دێڕەکە لەسەر هەمان بیر داڕێژراوە، کە چواندنی یارە بە ئەو ئاسکەی، کە تەنانەت لە سێبەری خۆشی ئەڕەوێتەوە، وکاریگەری دێڕە شیعرەکەی (وەلی دێوانە) بەسەر دێڕە شیعرەکەی (مینە)وە زۆر ئاشکرایە.

جۆری کاریگەرییەش پێی دەوترێت (وەرگرتنی واتا و چەند زاراوەیەک.) (الحدیدي،١٩٩٥ :٥١)، چونکە واتای هەردوو دێڕەکە هەمان واتایە، لەگەل ئەوەشدا (مینە جاف) زاراوەی ( سڵ)ی لە وەلی دێوانەوە وەرگرتووە.

هەروەها وەلی دێوانە دەڵێت :

لە ڕێگەوبانا ، لـــە ڕێگاوبانا

ڕۆژێک لە ئیلاخ لـــە ڕێگاوبانا

دیم (شەم) خەوتبو لــە دەم بەیانا

ئەگریجە و پەرچەم تاتا لــە شانا

وەک پەڕی (تاووس) تاتا لە سەر خاڵ

بڵاون لەســـەر گۆنای گوڵی ئاڵ

(ڕازی ، نییە : ٩٨)

(مینە جاف) لە ژێر کاریگەری ئەو شیعرەدا دەڵێت :

لە ڕێ گوزارێ لە ڕێ کـوزارێ

ئەمرۆدیم وە چەم لەڕێ گوزارێ

.........................

تووبــا باڵای هەیئەت ڕەعنایێ

تاووس شێوایێ سـەوڵەت زێبایێ

(نەریمان،١٩٩٠ :٢٨١)

وێنەی ناو هەردوو دێڕەکە لەسەر هەمان بیر داڕێژراوە، وکاریگەری دێڕە شیعرەکەی (وەلی دێوانە) بەسەر دێڕە شیعرەکەی (مینە جاف)وە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو لە ڕووی بنیاتی کێشیشەوە یەکن. جۆری کاریگەرییەکەش دیسان بریتییە لە وەرگرتنی واتا و زاراوە.

**٥/ شێخ ڕەزای تاڵەبانی ( ١٨٣١ . ١٩١٠) :**

لە شیعرێکدا شێخ ڕەزا دەڵێت :

شیرین وەکو خسرەو پەری هورمز جـافە

چاو مامزە ، لێو قورمزە ، ئیمان سـزە جافە

چاوی ڕەشی فەتتانی وەکو شەبرەوی عەییار

دیــن و دڵ و ئیمانی دزیوم دزە جافە

بورهانە لەسەر قودرەیی حەق ئایەتی حوسنی

بۆ دەعوەیی ئیسپاتی خودا موعجیزە جافـە

(خاڵ و ئاشنا، ٢٠٠٣ :٨٨)

(مینە جاف)یش لە شیعرێکیدا دەڵێت :

ئەم زاڵمە خوێنخوارە وا ڕەسەنە جافـــە

ئەم شۆخە ستەمکارە وا پڕ فەننە جافـــە

..............................

ئەم لێو لەعل بەدەخشانە لێو زەقەنە جافـە

گەردن سپی و ناسک وەک شووشەیی بلووری

............................

نازارە دڵ ئازارە عەییارە ستەمکـــارە

غـەدارە جەفاكارە دين دوژمنە جافـــە

(نەریمان ،١٩٩٠:٢٨٢)

وێنەی ناو هەردوو شیعرەکە لەسەر هەمان بیر دارێژراوە، بەتایبەتی لەو ڕووەوە، کە هەردوو شاعیر شۆخێکی هۆزی جاف دەبێتە هەوێنی شیعرەکانیان، و هەردوکیان دوو دیوی ئەو شۆخە پیشان دەدەن، کە لەکاتێکدا جوان و سەرنج ڕاکێشە، لەهەمان کاتیشدا دڵ ڕەق و بێ بەزەییە.

جۆری کاریگەرییەش پێی دەوترێت (وەرگرتنی واتا و چەند زاراوەیەک.) (الحدیدي،١٩٩٥ :٥١)، چونکە لە ڕووی واتاوە چوونیەکن، لەگەل ئەوەشدا (مینە جاف) زاراوەی ( جاف)ی لە شێخ ڕەزا وە وەرگرتووە.

**٦ / میرزا عبدالرحیمی سابلاخی (وەفایی ) (١٨٣٨ . ١٨٩٩) :**

وەفایی لە دێڕێکیدا دەڵێت :

لە خەندەی زار و جلیوەی تا و کاکۆڵی پەرێشانی
شکا بــــازاڕی قەنندادی و میشکی تاتاری

(نەجاری ، ١٣٩٠ :٣٢٥)

مینە دەڵێت :

لە ورشەی خاڵ و پرشەی زوڵف و لەعلی لێوەکەی ئاڵت
شکا بازاڕی لەعل و سونبل و موشکی خەتا کـەم کەم

(نەریمان، ١٩٩٠ : ٢٧٨)

بیری هەردوو شاعیر هەمان بیرە، و هەردوو شاعیر جوانی دەم و زوڵفی یاران بەهۆکار زانیووە بۆ شکانی بەزاڕی قەند و لەعل و موشک، و بە بەراورد کردنی هەردوو دێڕەکە بەهێزی کاریگەری شیعرەکەی وەفایی بەسەر شیعرەکەی (مینە جاف)وە پیشان دەدات.

جۆری کاریگەرییەش بریتییە لە (وەرگرتنی واتا و چەند زاراوەیەک.) (الحدیدي،١٩٩٥ :٥١)، چونکە لە ڕووی واتاوە چوونیەکن، لەگەل ئەوەشدا (مینە جاف) زاراوەی ( شکا بازاڕی)ی لە وەفاییەوە وەرگرتووە.

وەفایی لە دێڕە شیعرێکی تردا دەڵێت :

ئولفەتی زوڵفت چییە قوربان لەگەڵ ڕوخساری تۆ؟
خۆ بــە هیچ دینێکی نابێ کوفر و ئیمان پێکەوە

(نەجاری ، ١٣٩٠ :٢٨١)

(مینە جاف)یش لە دێڕە شیعرێکیدا دەڵێت :

زووڵفی وەک زونناره ئاڵاوە لە دەوری شـەمسی ڕووی
ئەی مەلا ئێوە و خوا کافر ئە جەنەت کـــەی چووە

(نەریمان،١٩٩٠ :٢١٣)

بیرەکە هەمان بیرە، و هەردوو شاعیر بەسەر سوڕمانەوە دەڕواننە پێکەوەهاتنی دوو شت یان دوو وێنەی دژیەک، بە ڕوونی کاریگەری دێڕەکەی وەفایی بەسەر دێڕەکەی (مینە جاف)وە دەبینرێت، بێگومان ئەوەش دەزانین، کە هەندێ جار لەم جۆرە وێنانە لای شاعیرانی تریش بەدی دەکرێن، بەڵام ئەوەندە هەیە لێرەدا تارمایی وەفایی ڕوونترە لەسەر (مینە جاف) دەردەکەوێ. هەروەها وەکو ڕوون و ئاشکرایە جۆری کاریگەرییەکەش بریتییە لە وەرگرتنی واتا و زاراوە.

هەروەها وەفایی دەڵێت :

کە من کوشتەی جەمالی تۆم عەزیزم
لە باغی (جنة المأوى) مەفەرمــوو

(نەجاری ، ١٣٩٠ :١٩٠)

(مینە جاف)یش دەڵێت :

کە شـەهدی لەعلی لێوی دڵ ستانم دەسکەوێ جا من
لە ئاوی کەوثەری جەننەت لە شـەهد و ئەنگەبینم چی

(نەریمان، ١٩٩٠ :٢٨٩)

هەردوو شاعیر هەمان وێنەی جوانی یاریان خستووەتە ڕوو، بەڵام (وەفایی) جوانی یار بە خودی بەهەشت دەچوێنێت و لە بەهەشت بە پەسەنتری دەزانێت، و (مینە جاف)یش شیلەی لێوی یار بە ئەو شەربەتانە دەچوێنێت، کە لە بەهەشتدا هەن، دیسان ئەمیش شیلەی لێوی یار بە پەسەندتر دەزانێت لە شەربەتەکانی نێو بەهەشت. جۆری کاریگەرییەکەش بە ڕوونی دیارە.

**٧ / ئەحمەد حەمدی بەگی ساحێبقەران (حەمدی)( ١٨٧٥ یان ١٨٧٦ . ١٩٣٦) :**

حەمدی لە باسی لافاوەکەی ساڵی (١٩٣٢)ی شاری سلێمانیدا دەڵێت :

ساڵی جارێ هەر دەبێ ئەم شارە بێ بە مەزبەلە
یا بە بۆمـــــبا یا بە ئاگر یا بە بارانی پەڵە

(مەولود ،٢٠١٣ :٧٠)

(مینە جاف)یش لەباسی لافاوەکەی ساڵی (١٩٥٧)ی شاری سلێمانیدا دەڵێت :

بۆ هەموو ســاڵێ بە دڵی غەمگین
بە ئاوی چـاو و فرمێسکی خوێنین
. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .
لــە ناکا وەکوو دوژمنی پڕقین
شادیمـان ئەکەی بەگریان و شین

(نەریمان، ١٩٩٠ :٩٧)

هەردوو شاعیر گوزارشت لە خەم و پەرۆشی خۆیان دەکەن بۆ ئەو کارەساتە نەخوازراوانەی، کە ڕووی لە گەلی کورد کردوو، هەرچی (حەمدی)ی شاعیرە باس لە لافاوی ساڵی (١٩٣٢)ی شاریی سلێمانی دەکات، (مینە)ش لە ژێر کاریگەری ئەو شیعرەی (حەمدی)دا باس لە لافاوەکەی ساڵی (١٩٥٧)ی هەمان شار دەکات، بەڵام حەمدی پەیوەستی کردووە بە شەڕی بەردەرکی سەرای ساڵی (١٩٣٠) و شەڕی ئاوباریکی ساڵی (١٩٣١) وە، کە هەموویان هۆکار بوون بۆ گیان لە دەستدانی ڕۆڵەی کورد.

لە لایەکی تردا حەمدی دەڵێت :

موژدە بێ یاران ئەڵێن تەشریفی جانان دێتەوە
وەک هیلالە قامــەتم تا بەدری تابان دێتەوە

(مەولود ،٢٠١٣ :٢٠٣)

(مینە جاف)یش دەڵێت :

زوو بە زوو ڕۆژێ ئەبێت دڵ خۆش ببم بەم موژدەیە
پێت بڵێن مـوژدە سوبەی دیدە خومــارت تێتەوە

(نەریمان، ١٩٩٠ :٢٥٨)

وێنەی ناو هەردوو دێڕەکە لەسەر هەمان بیر دارێژراوە، هەردوو شاعیر چاوەڕوانی موژدەی هاتنەوەی خۆشەویستەکانیان ، بەڵام (حەمدی) باڵای خۆی بە مانگی یەک شەوە، کە هێمایە بۆ لاوازبوون چواندووە تا کاتی هاتنەوەی خۆشەویستەکەی .

جۆری کاریگەرییەش پێی دەوترێت (وەرگرتنی واتا و چەند زاراوەیەک.) (الحديدي،١٩٩٥ :٥١)، چونکە لە ڕووی واتاوە چوونیەکن، لەگەل ئەوەشدا (مینە جاف) زاراوەی ( موژدە)ی لە حەمدی وەرگرتووە.

**٨ / زێوەر ( ١٨٧٥ ـ ١٩٤٨) :**

زێوەر لە شیعرێکدا دەڵێت :

ئارەزووی فیکری سیاحەت ناکەم ئیتر ئەی وەتەن
تۆ لـە جێگەی (قاهیرە و تاران و بەرلین) ی منی

(مستەفا ،٢٠١٠ : ٨٤ )

(مینە جاف)یش دەڵێت :

لە دنیادا کە من شێروانە وەک فیردەوسی پێشوو بێتە بەر چاوم
لـــــــە پاریس و لە ئەستانە وەیا تاران و چینم چی

(نەریمان، ١٩٩٠ :٢٨٩)

وێنەی ناو هەردوو دێڕەکە لەسەر هەمان بیر دارێژراوە، بەڵام ئەوەندە هەیە، کە (زێوەر) پەنتاییەکی فراوانتری بەکار هێناوە، کە ئەویش (وەتەن) یان نیشتمانە و دەربڕینەکەی دەربڕینێکی ئاساییە، بەڵام ئەو پەنتاییەی، کە (مینە) بەکاری هێناوە پەنتاییەکی بەرتەسکترە، کە خۆی لە ناوچەیەکی خاکی نیشتیماندا دەبینێتەوە، کە ئەویش دەشتی شێروانەیە، و دەربڕینەکەی (مینە) باکگراوندێکی ئایینی هەیە، کە مەبەستی بەهەشتی ڕووی سەرزەمینە ، نەک هی پاش مردن.

زێوەر لە وەسفی بەهاری جوانی کوردستاندا دەڵێت :

وەرن یاران ! تەماشــاکەن چ ڕەنگین نەوبەهارێکە
لە فەیزی ڕەحمەتی بارش هەموو جێ سەبزە زارێکە

(زێوەر ،٢٠٠٣ : ٤٦ )

(مینە جاف)یش لە وەسفی بەهاردا دەڵێت :

وەرن یاران ! تەماشاکەن چ شیرین نەو بەهارێکە
ئە هەر لایەک ئەچیت یا مێرگە یاخود لالە زارێکە

(نەریمان،١٩٩٠: ٢٦٩)

وێنەی ناو هەردوو دێڕەکە لەسەر هەمان بیر دارێژراوە، کاریگەری دێڕە شیعرەکەی (زێوەر) بەسەر دێڕە شیعرەکەی (مینە)وە زۆر ڕوون و ئاشکرایە.

جۆری کاریگەرییەش پێی دەوترێت (نسخ، یان لەبەرگرتنەوە، کە بریتییە لە بردنی واتا و زاراوە، یان بردنی واتا هەندێ زاراوە.) (الحديدي،١٩٩٥ :٤٨)، چونکە هەدوو دێڕەکە لە ڕووی واتاوە چوونیەکن، لەگەڵ ئەوەشدا (مینە جاف) چەند زاراوەیەکی وەکو ( وەرن، یاران، تەماشاکەن، چ، نەوبەهارێکە))ی لە زێوەر ەوە وەرگرتووە.

**٩/ تاهیر بەگی جاف (١٨٧٨ . ١٩١٨ ) :**

پەیوەندی نێوان خانەوادەی (تاهیر بەگی جاف) و خانەوادەی (مینە جاف) لە لایەکەوە پەیوەندییەکی خزمایەتی بووە، و لە لایەکی ترەوە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی گەرم و گوڕ بووە، و لەم بارەیەوەی کچی شاعیر دەڵێت: (هاتووچۆ و پەیوەندی خزمایەتیمان لەگەڵیاندا زۆر بەهێز بووە. ڕەچەڵەکی هەموومان بۆ (حەمە پاشا) دەگەڕێتەوە، کە گۆڕەکەی لە گوڕستانی (سەید خلیل) ە، لە ژووروی شاری کەلارەوە .) (هـ.جاف ،٢٠٢٢ :چاوپێکەوتن)

تاهیر بەگ بۆ زانینی شوێنی خۆشەویستەکەی ڕوو دەکاتە بای شەماڵ و دەڵێت:

شەماڵ یار نەدیت ، شەماڵ یار نەدیت؟
وەختێ تۆ ئامـای ، دیدەی یار نەدیت؟
ئەو دیدەی سەیوان پڕ خومار نەدیت؟
ئەو تۆڕڕەی چین چین سیا مار نەدیت؟
دڵـــدار دڵبەر، ستەمـکار نەدیت؟
ئاهووی خوتەنی وەش ڕەفتار نـەدیت؟

(گۆران ، ١٣٨١ : ٤٠)

(مینە جاف)یش بۆ هەمان مەبەست ڕوو دەکاتە هاوڕێیەکی و دەڵێت :

ڕەفیق واچە پێم ڕەفیق واچـە پێم
بایو پەی ڕەزای خـوا واچە پێم
.....................
نەدیت ئاهۆکەی توونی هەردەی دڵ
چەم سیاوەکـەی سەر دەلیلەی دڵ
نەدیت ئـــەو دلبەر ئارام گیانم
مایەی زینــگانی ڕۆحی ڕەوانم

(نەریمان،١٩٩٠ :٢٢٠)

هەردوو شیعرەکە لەسەر بنەمای پرسیارکردن سۆراغکردنی شوێنی یار دارێژراوە، بەڵام (مینەجاف) بەشێوەی تکا ئامێز پرسیاری کردووە، و وشە و دەربڕینەکانیش زۆر لە یەکەوە نزیکەن، یان هاوشێوەن، جۆری کاریگەریەکەش زۆر ڕوون وئاشکرایە.

هەروەها تاهیربەگ دەڵێت :

سەد شوکر دوبارە جەژنە، وەختی عەیش و شادیە
بۆ بەڵاگـــەردانی باڵات، قۆچی قوربانم وەرە

(گۆران ، ١٣٨١ : ٦٤)

(مینە جاف) یش دەڵێت :

دەڵێن وا دوو سبەی جەژنە بە قوربان
لە بۆ قوربانی مــن بەستە مەیانم
..........................
سەعاتــێ بێ نیگارا (مینە) ئاسا
بە قوربانت بکەم ڕۆحی ڕەوانــم

(نەریمان،١٩٩٠ :٢٩٠)

هەردوو شاعیر لە بۆنەی جەژنی قورباندا خۆیان ئامادە کردووە، کە وەکو قۆچی قوربانی خۆیان قوربانی خۆشەویستەکانیان بکەن، بەڵام تاهیر بەگ، خۆی دەکات بە قەزاوەگێڕی باڵای یار و (مینە جاف)یش ڕوحی خۆی فیدای خۆشەویستەکەی دەکات.

جۆری کاریگەرییەش پێی دەوترێت (وەرگرتنی واتا و چەند زاراوەیەک.) (الحديدي،١٩٩٥ :٥١)، چونکە لە ڕووی واتاوە چوونیەکن، لەگەڵ ئەوەشدا (مینە جاف) هەردوو زاراوەی ( قوربان، جەژن)ی لە تاهیر بەگەوە وەرگرتووە.

لە لایەکی ترەوە تاهیربەگ دەڵێت :

لە سایەی تیغی ئەبرۆی تۆ، لە ڕۆژی حەشردا جانا
بیحەمدیلا حیسابی مـن لەگەڵ جەمعی شەهیدانا

(گۆران ، ١٣٨١ : ٧٥)

(مینە جاف)یش دەڵێت :

فەقەت بەم مـوژدە دڵشادم شەهیدی عەشقی باڵاتم
ئومێدم هەس لە مەحشەردا حسابم لێل شەهیدان بێ

(نەریمان،١٩٩٠ :٢٧٣)

هەردوو شاعیر بە ئومیدن بە هۆی خۆشەویستەکانیانەوە لە ڕۆژی حەشردا بە شەهید ئەژمار بکرێن، هەرچی (تاهیر بەگ)ە سوپاسگوزارە و هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە بە تیغی ئەبرۆی یار پێکراوە بۆیە بە شەهید ئەژمار دەکرێت، بەڵام هەرچی (مینە جافە)ە، هۆکارەکەی بۆ عەشقی باڵای خۆشەویستەکەی دەگەڕێنێتەوە. وێنەکە لە باکگراوندی ئاینیی سودی وەرگرتووە، یار کافرە و شاعیر ئیسلام و شەهیدی دەستی ئەوە. جۆری کاریگەرییەکەش دیسان وەرگرتنی واتا و زاراوەیە.

**١٠ / سەلام (١٨٩٢ . ١٩٥٩) :**

لە بارەی پەیوەندی (سەلام)ی شاعیر بە بنەماڵەی شاعیرەوە (د.حسن جاف) دەڵێت : (شێخ سەلام دۆستمان بووە، و لەگەڵ باوکمدا پەیوەندی زۆر بەهێزی هەبووە و بۆ کۆچی دوایی باوکیشم شیوەنێکی نووسیوە.) (ح.جاف،٢٠٢٢:چاوپێکەوتن.)

سەلام لە شیعرە بەناوبانگەکەی (گفتوگۆی ملە کەوە) دا دەڵێت:

هەی ملـە کەوە بۆ چی دامـاوی
بۆ چی وا کەوە و شین هەڵگـەڕاوی
. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .
جوابم بەرەوە تۆ بە دەسـت و برد
شاخی سەر بەرز و قەڵای قەومی کورد
زۆر بە کەساسـی شاخی کۆنە ساڵ
جەوابی دامـــەوە بە زمانی حاڵ
شاخێکی بەرز و سەوز و سەخت بووم
پڕ گوڵ و نەسرین پڕ لـە درخت بووم
. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .
خاوەنی بێشە و مێرگی دڵـگیربووم
لانەی شێران و جێگەی نێچـیر بووم

(کاکە ڕەش، ١٩٩٠ : ٧٢و٧٣)

(مینە جاف)یش لە شیعری (بتخانەکەی لای دەربەنیخان) دا دەڵێت :

ئەی بتخانەکەی لای دەربەنی خان
بینای وێرانی سەر چەمی سیروان
تو خوا پێم بڵێ تۆ دەسکاری کێیت
ڕەمـز و بناغە و یادگاری کێیت
. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .
تکـات لێ ئەکەم بمدەرۆ وەرام
خاس تێم گەیەنە لێت بووم سەر سام
هاتــــە ئەزووان بینای وێرانە
وەرامـی دامۆ بـــەم بەیانــە

وتی براگیان بۆچ ئاگـــرت دام
بۆچ تویژی زامی تویژ بەستەت لادام
لە من مەپرسە ســەیری ئازام کە
سەیری هەیکلـی ناوی بینام کـە
بڕوانە مەعنای قەڵای شەمیـــران
جا باش تێ ئەگەی لە ئێمــەی وێران
قەڵای شەمیران قەڵای شـا و میران
نیشتمانی تەخت جێی ئقلــیم گیران
ئەم هەیکەلانەی پێی ئەڵێـــن بتن
گشت وێنەی شاهــان بڵند هیممەتن
وێنەی شەهنشــاو میـرانی کوردن
ڕەمزی شـــێرانی ڕۆژی نەبەردن
من بتخــــانە نیم جێگەی شاهانم
نشینگـــەی تەختی جەمشید جاهانم

(ڕۆستەم،٢٠٠٧: ١٥)

هەردوو شاعیر بەمەبەستی گوزارشت لە باری نا هەمواری نیشتمان، پەنایان بردووە بۆ هێما و (سەلام) شاخی (ملەکەوە)ی کردووە بە هێما و (مینە)ش ئاسەوارێکی ناوچەی دەربەندیخانی کردووە بە هێما، وە لە هەردوو وێنەکەشدا ڕابردووی جوان و پڕ شانازی و ئێستای وێرانە دەبینرێت. وەکو دیارە جۆری کاریگەرییەکەش بریتییە لە وەرگرتنی واتا.

**١١ / ئەسیری (١٨٩٥.١٩٦٢) :**

ئەسیری لە باسی شوێنی کورد و سنور و جوگرافیای کوردستاندا دەڵێت:

کوردە دەزانـــی لە کوێ جێگرە خزمانی تۆ
گوێ گــــرە بۆتی بڵێم جێگەیی قەومانی تۆ
کێوی تۆرۆس و عومقی حەوزەکەی ئەسکەندەروون
غەربییە تا بەحری ڕەش ، سەرحەدی مەیدانی تۆ
بەحــری ڕەش و ئەردەهان، ئاوی ئاراســە بزان
حەددی شیمالە ئەممە بۆ کۆچ و جەولانی تـــۆ
ئەڵوەن و گوڵی ئورمێ ، تا سەری ئاوی ئـــاراس
سنــــوری ڕۆژهەڵاتە جۆگە و کێوانــی تۆ
ئەهواز و کێوی حەمرین ، ژەنگـار و ڕێی نسەیبین
سنـــورە بۆ جنووبی باخچە و باغانــی تۆ
لە ناوی ئـــەم سنوورە دوانزە ویلایەت هــەیە
دەڵێن دوانـــزە ملیۆنە نفوســی کوردانی تۆ

(موکریانی، ٢٠٠٦: ١٧٤)

(مینە جاف) یش لە ژێر کاریگەری ئەو شیعرەدا لەو بارەیەوە دەڵێت:

کەی بێ ببینم لە خەریتەکانـــــدا
شوێنی گشت کـورد زوانــــدا
لە خوتەی عالەم ئیعلان درابـــێ
لە خەریتەیان بەیان کـــــرابێ
شەرق و شیمال و لیل غــــەرب
لە جیاتی فورس و تورکان و عــەرەب
. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .
دوانزە وڵات کوردی سیا بەخـــت
تاکەی مەئویس بێ لە تاج و تەخـــت

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

خاکی تەوریز و ئازربایجـــــان

سوور کەین بە خوێنی فورسی بێ ئیمان

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

هیچ ڕانەوستین تا دجلە و فـــورات

لیل قەومی عەرەب حدود دیاری کــات

کەژی مەنســـوریە بەکەینە ئـەبین

(هەلاج ، ٢٠١٣ :٢٢٠)

هەردوو شیعرەکە بە شێوەیەکی ساکار جوگرافیای کوردستانیان پیشانداوە و لە هەمان کاتدا بیری نەتەوەیی بەسەر هەردوو دەقەکەدا زاڵە، و هەرچی شیعرەکەی (ئەسیری)یە زیاتر و فراوانتر سنوری خاکی کوردانی پیشان داوە. جۆری کاریگەرییەکەش بریتییە لە وەرگتنی واتا.

ئەسیری ژیانی ناو زیندانی لە ژێردەستی پێ باشترە بۆیە دەڵێت :

سەربەخۆبی وو ، لەبەر چاوت بێ بەد حاڵی گەلت

بچـــیە بەندینخانەوە، گیانت لەوێ دەی چاترە

(موکریانی ، ٢٠٠٦ :١٨٨)

(مینە جاف) یش لە ژێر کاریگەری ئەو شیعرەدا دەڵێت:

کوڕم زەبوونی ناو حەپسخانە

خۆشترە هەتاکو حکومی بێگانە

(نەریمان،١٩٩٠ :١١٦)

هەردوو شاعیر ژیانی نێوو بەندینخانەیان پێ باشترە لە ژێردەستی بێگانە، بەڵام (ئەسیری) مەرگی ناو بەندینخانەی لە ژێر دەستی پێخۆشترە و (مینە)ش زەبوونی و کەساسی ناو بەندینخانەی لە ژێر دەستی پێ خۆشترە.

**١٢ / ئەحمەد موختار جاف (١٨٩٨ یان ١٨٩٩ ـ ١٩٣٥) :**

سەبارەت بە پەیوەندی خزمایەتی نێوان (ئەحمەد موختار جاف) و (مینە جاف) دەوترێت، کە ((ئەحمەد موختار جاف و کریم بەگی باوکی مینە جاف ئامۆزای باوەکە بران و خۆشکێکی ئەحمەد موختار خێزانی کەریم بەگی باوکی مینە جاف بووە، ومنداڵی لێ نەبووە.)) (م.جاف، ٢٠٢٢: چاوپێکەوتن)

ئەحمەد موختار لە دەرکەوتنی ڕووی خۆشەویستەکەیدا دەڵێت :

کە دولبەر خۆی نواند خورشیدی خاوەر زوو فیراری کرد

خەجاڵەت ماو بە زەردەی عەزمی پشتی کوهساری کرد

(ڕەسووڵ ،١٩٨٦ : ٢٨)

(مینە جاف)یش لە هەمان بۆنەدا دەڵێت :

(مینە) زوڵفی پڕ چینی یار لەسەر خورشیدی ڕووی

شەمسی ڕەخشانی خەجاڵەت کرد بە بشکن بشکنی

(نەریمان، ١٩٩٠ :٢٦٨)

هەردوو شاعیر دەرکەوتنی ڕووی خۆشەویستەکانیان بە هۆکار دەزانن بۆ ئاوا بوونی خۆر و ئەم دەرکەوتنە بە هۆکاری شەرمەزار بوونی خۆر دەزانن، کاریگەری دێڕەکەی ئەحمەد موختار بەسەر دێڕەکەی(مینە جاف)ەوە زۆر ئاشکرایە.

ئەحمەد موختار لە شوێنێکی تردا دەڵێت :

مــن ئەڕەنجێنێ نیگار وا ڕەقیب دڵشاد ئەکا

بێخ و بنچینەی حەیات و عومری من بەرباد ئەکا

(ڕەسووڵ ، ٢٠١٦ : ٦٠)

(مینە جاف)یش دەڵێت :

ئاخ فەلەک ئەم زوڵمە تۆ کردووتە قەد نەیدیوە کەس

من ئەسووتێنی بە دووری و دوژمنیش هاوشانی یار

(نەریمان،١٩٩٠ :٢٥٢)

وێنەی ناو هەردوو دێڕەکە لەسەر هەمان بیر داڕێژراوە، هەردوو شاعیر ئازاریان پێدەگات بە هۆی ئەوەوە، کە خۆشەویستەکانیان دڵی دوژمن خۆش دەکەن .

هەروەها ئەحمەد موختار دەڵێت :

قیامەت هەڵئەسێ بێت و قیامێ کا نیگاری مـن
زەمانە تێک ئەدا ئەمڕۆ نیگاهی چاوی یاری من

(ڕەسووڵ ، ٢٠١٦ : ١٠٧)

(مینە جاف)یش دەڵێت :

نیشانــەی زەلزەلەی مەحشەر سەعاتێکە لە دونیادا
کە ئەو نازارە ڕووبەندی ڕووە و مەشریق لە ڕوولادا

(نەریمان، ١٩٩٠ :٣٠٦)

دیسان وێنەی ناو هەردوو دێڕەکە لەسەر هەمان بیر داڕێژراوە، هەردوو شاعیر دەرکەوتنی خۆشەویستەکانیان بە هۆکاری هاتنی ڕۆژی کۆتایی دەزانن، بە واتایەکی تر (یار)ی دڵڕەق زۆر بێ ڕەحمە و سەرنادات.

جۆری کاریگەرییەکەش لەم دێڕە شیعرانەدا بریتییە لە وەرگرتنی واتا.

**١٣ / فایق بێکەس (١٩٠٥ . ١٩٤٨) :**

بێکەسی شاعیر لە یەکێک لە شیعرە دیارەکانیدا دەڵێت :

ئەی وەتەن
ئەی وەتەن مەفتونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە
وەختی بەندی و ئەسارەت پێ بە تەوق و کۆتەوە

(ئاشنا ، ٢٠٠٥ : ١٥)

(مینە جاف)یش بەهەمان ناونیشانەوە شیعرێک بۆ نیشتیمان دەنووسێت و دەڵێت :

ئەی وەتەن
ئەی وەتەن زۆر دولبەرە دەشت و دیارە جوانەکەن
نەشئە بەخشـایە بە حققەت مەنزەر و سەیرانەکەت

(نەریمان،١٩٩٠:٧٥)

هەردوو شاعیر ڕوویان کردووەتە نیشتمان و ئەیدوێنن، و بیرەکانیان هەمان بیرن، بەڵام شوێن و شێوازی گوزارشت کرنیان لە خۆشەویستی نیشتمان جیاوازە، و بە بڕوای ئێمە (مینە) نەیتوانیوە لە بازنەی وێنەکەی (بێکەس) خۆی دەرباز بکات و وێنەیەکی جوانتر دروست بکات، و کاریگەرییەکە زۆر ڕوونە.

جۆری کاریگەرییەش پێی دەوترێت (نسخ، یان لەبەرگرتنەوە، کە بریتییە لە بردنی واتا و زاراوە، یان بردنی واتا هەندێ زاراوە.) (الحدیدي،١٩٩٥ :٤٨)، چونکە هەدوو دێڕەکە لە ڕووی واتاوە چوونیەکن، لەگەڵ ئەوەشدا (مینە جاف) ناونیشانی شیعرەکەی، کە بریتییە لە( ئەی وەتەن) دەقاودەق لە ناونیشانی شیعرەکەی بێکەسی وەرگرتووە.

هەروەها بێکەس بۆ (یانەی سەرکەوتن) دەڵێت :

یانەی سەرکەوتن
یاخوا هەر بژی یانەی سەرکـەوتن
ڕەهبەری عیلم و ڕێگەی سەرکەوتن
تۆ مایەیی فەخری قەومی کوردانی
باعیسی ڕوتبە و ناو و نیشانــی

(ئاشنا ، ٢٠٠٥ : ٨٢)

لەسەر هەمان بابەت (مینە جاف) یش دەڵێت :

بۆ یانەی سەرکەوتن
بژی ئەی یانەی سەرکەوتن و ســەربەرزیی کوردان
بە دایم شاد و سەر بەرزیی هەتا دەوران ئەکا دەوران
. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .
هەموو فەخرت ئەکەین پێوە کە چونکە فەخری کوردانی

(باوەڕ،٢٠١٩ :٧٩ . ٨٠)

هەردوو شاعیر شانازی بە یانەکەوە دەکەن، و بە پێوستی سەردەمی دەزانن بۆ پێشکەوتن و سەربەرزی گەلی کورد و هیوای بەردوام بوونی بۆ دەخوازن، بەڵام هەرچی (بێکەس) ە بەشێوەیەکی  فراونتر و قوڵتر گوزارشتی لێکردووە و بە ڕابەری زانست و سەرچاوەی پلە و ناونیشانی دەزانێت. دیسان لەم دێڕە شیعرەشدا جۆری کاریگەرییەکە بریتییە لە (نسخ)، چونکە ناونیشانەکان یەکن.

**١٤/ ئەخۆڵ (١٩١١ ـ ١٩٨٨):**

ئەخۆڵ لە خۆشیی هاتنەوەی خۆشەویستەکەیدا دەڵێت :

زۆر دەمێک بوو دڵ برینار بێ دەوا بوو دەردەکەم
مەرهەمی جێی زەخمە کات و سەر برینم هاتـەوە

(ئەخۆڵ،١٩٨٤ : ١٣٨)

(مینە جاف) یش لە خۆشی هاتنەوەی خۆشەویستەکەیدا دەڵێت :

ئەی دڵی غەمدیدە موژدە کۆچی یارم هاتەوە
مەڵهەمی زامی دەروونی پڕ لە خارم هاتەوە

(نەریمان،١٩٩٠ :٢٥٩)

بە بەراوردن کردنی هەردوو دێڕەکە، بەهێزی کاریگەری شیعرەکەی ئەخول بەسەر شیعرەکەی (مینە) وە دەبینرێت و وێنەی دابڕان و پێگەیشتن دەنەخشێنێت. هەروەها جۆری کاریگەرییەکەش بریتییە لە وەرگرتنی واتا و زاراوە.

هەروەها ئەخۆڵ دەڵێت :

چە تەدبیر ئەی موسڵمانان سەرەپا غەرقی خوێنـاوم
ئەڵێی تەرزەی بەهارانە ئەرژێ ئەشکی سوور چاوەم

(ئەخۆڵ،١٩٨٤ : ٧٠)

(مینە جاف)یش دەڵێت :

موسڵمانان چی یە تەدبیر لە عیشقی مانگی ڕوخساری
لە صەد لا کون کونە جەرگم بە تیری دیدە بیمـاری

(نەریمان،١٤٨:١٩٩٠)

بنیادی بیر هەردوو شیعرەکە بریتییە لە پەنا بردن بۆ موسڵمانان بە مەبەستی دوزینەوەی ڕێگە چارەیەک بۆ قورتار بوون لە ئەو گرفتەی، کە بە هۆی خۆشەویستەکانیانەوە تووشی بوون، کاریگەری شیعرەکەی ئەخۆڵ بەسەر شیعرەکەی (مینە)وە بە ڕوونی دەردەکەوێت . لەم دێڕە شیعرشدا دیسان جۆری کاریگەرییەکە بریتییە لە وەرگرتنی واتا و زاراوە.

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیدا، گەیشتینە ئەو باوەڕەی، کە کاریگەربوونی ئەدەبی دیاردەیەکی ئاساییە و ئەم دیاردەیە لای شاعیرانی کلاسیکی کوردیمان کەم تا زۆر بوونی هەیە و (مینە جاف)ی شاعیریش وەکو شاعیرێک کاریگەر بووە بە بەرهەمی شیعری گەلێک لە شاعیرانی کلاسیکی کوردیمان و سوودێکی زۆری لەو بەرهەمە شیعرییانە وەرگرتووە و هەنگ ئاسا لەهەر کوێ شیعرێکی سەرنجڕاکێشی بینیبێت شیلەکەی هەڵمژیووە و کردوویەتی بە هەوێنی لە دلیکبوونی بەرهەمێکی شیعری خۆی، کە بێگومان ئەمەش دەرئەنجامی ڕۆشنبیری شاعیر و خوێندنەوەی بووە بۆ دیوانی شاعیرانی کلاسیکی کوردیمان. هەرچەندە زۆر جار سەرکەوتوو بووە لەم سوود وەرگرتنەیدا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ جار نەیتوانیووە خۆی لە بازنەی لاسایی کردنەوە قورتار بکات.

ئەم وەرگرتن و کاریگەربوونەی شاعیر بە شیعری شاعیرانی تری کلاسیکی کوردیمان بە هەموو پێوەرێک دوور بووە لە دزینی ئەدەبی، چونکە ئەم دیاردەیە لە تەواوی ئەدەبیاتی جیهانیدا ڕەنگدانەوەی هەیە و ڕێگە پێدراوە.

## سەرچاوەکان:

**ـ کتێبەکوردییەکان:**


١/ ئاشنا، ئومێد(٢٠٠٥)، **دیوانی بێکەس**، چاپی دووەم ،هەولێر دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد.

٢/ ئامێدی، عەبدوڵڵا یاسین (٢٠٠٣) ، **پەیدابوونی ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا( تا جەنگی گێتی یەکەم)**، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

٣/ ئەخۆڵ، ئەحەمەد دەروێش عەبدوڵڵا(١٩٨٤)، **دیوانی ئەخۆڵ**، چاپی یەکەم، سلێمانی،لە چاپکراوەکانی ئەمینداریتیی گشتیی ڕۆشنبیری ناوچەی کوردستان (www.vejinbooks.com) دیوانەکەی لەم سایتە وەرگیراوە.

٤/ باوەڕ، ئەحمەد (٢٠١٩)، **یانەی سەرکەوتنی کوردان،لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ـ دیکۆمێنتارییە (١٩٣٠ ـ ١٩٣٤)**،چاپی یەکەم ، کوردستان، سلێمانی، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٥/ پیربال، فەرهاد(٢٠٠٩)، **ڕێبازە ئەدەبێکان**، چاپی سێیەم، ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە فارسسەوە : (فەرهاد پیربال)، ناوەندی ئەندێشە بۆ بڵاوکردنەوەی کتێب، چاپخانەی شڤان.

٦/ حەمە بۆر، محمد مستەفا(٢٠١٠)، **دیوانی مستەفا بەگی (کوردی)ی ساحێبقەران**، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٧/ حەمە بۆر، محمد مستەفا (٢٠١٠)،**دیوانی مستەفا بەگی (کوردی)ی ساحێبقەران**، چاپی یەکەم ، بەرگی دووەم،هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر

٨/ خاڵ، شێخ محەمەد ؛ ئاشنا، ئومێد (٢٠٠٣)، **دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی**، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد.

٩/ ڕازی، (نییە)، **دیوانی وەلی دێوانە، سۆرانی و هەورامی** ،ئێران، سنندج، انتشارات کردستان.

١٠/ ڕەسووڵ، عیزەددین مستەفا(١٩٨٦)، **دیوانی ئەحمەد موختار جاف** ، چاپی یەکەم، بەغداد، چاپخانەی (الأدیب).

١١/ زێوەر، محمود(٢٠٠٣)، **دیوانی زێوەر**، چاپی یەکەم ، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

١٢/ کاکە ڕەش، ئومێد(١٩٩٠)، **دیوانی سەلام** ، چاپی دووەم، بغداد، چاپخانەی الحوادث.

١٣/ کەفافی، محەمەد عبدوالسلام (٢٠١١)، **ئەدەبی بەراوردکاری، لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی تیۆری ئەدەبی و شیعری داستانی**، وەرگێڕانی: (هەژار ڕەحیمی)، هەولێر، دەزگای توێژینەوە و بڵاکردنەوەی موکریانی.

١٤/ گەردی، عەزیز(١٩٨٧)، **ئەدەبی بەراوردکاری**،هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

١٥/ گۆران، حسن(١٣٨١ک.ھ)، دیوانی تاهیر بەگی جاف، ئێران . سنە، دەزگای ڕۆشنبیری گۆران.

١٦/ مدرس، مەلا عبدالکریم(١٣٨٦ک.ھ)، **دیوانی مەولەوی** ، چاپی چوارەم، سنندج، لە بڵاوکراوەی کوردستان.

١٧/ مستەفا، محمد فازیل(٢٠١٠)، **زێوەر ژیان و بەرهەمی**، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

١٨/ موکریانی، کوردستان(٢٠٠٦)، **دیوانی ئەسیری**، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد.

١٩/ مولود، عبداللە خدر(٢٠١٣)، **دیوانی حەمدی (ئەحمەد بەگی ساحیبقەران)**، هەولێر، چاپخانەی ڕژهەڵات.

٢٠/ میران، سەردار حمید ؛ شارەزا، کریم موستەفا(١٣٩٠ک.ھ)، **دیوانی حاجی قادری کۆیی**، سنە، بڵاوکراوەی کردستان.

٢١/ نەجاری، محمد سعید(١٣٩٠ک.ھ)، **دیوانی وەفایی**، سنە، بڵاوکراوەکانی کوردستان.

٢٢/ نەریمان، مستەفا(١٩٩٠)، **دیوانی مینە جاف**، بغداد، چاپخانەی جاحظ.

٢٣/ هەلاج ،سالح(٢٠١٣)، **مێژووی شیعر و شاعیرانی گەرمیان** ،چاپی دووەم،سلێمانی، چاپخانەی گەنج.

**. کتێبە عەرەبییەکان:**

٢٤/ الجرجاني، ابو الحسن علي بن عبدالعزیز(دون سنة النشر)، **الوساطة بین المتنبي و خصومه**، الطبعة الثالثة، تحقیق و شرح محمد ابو الفضل ابراهیم و علي محمد البجاوي، دار احیاء الکتب العربیة، عیسی البابي الحلبي و شرکاه.

٢٥/ الحدیدي، عبدالطیف محمد السید (١٩٩٥)، **السرقات الشعریة بین الآمدي والجرجاني في ضوء النقد القدیم والحدیث**، الطبعة الاولی، مصر، جامعة الأزهر، کلیة اللغة العربیة.

٢٦/ طبانه،بدوی(دون سنة النشر)، **السرقات الأدبیة (دراسة فی أبتکار الأعمال الأدبیه و تقلیدها)**، مصر، القاهرة، نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزیع.

٢٧/ عمر، احمد مختار(١٩٨٨)، **البحث اللغوي عند العرب مع دراسة قضیة التأثیر والتأثر**، الطبعة السادسة، مصر، القاهرة، الناشر عالم الکتب.

٢٨/ مبارك، زکي (٢٠١٣ . ٢٠١٤)، الموازنة بین الشعراء، القاهرة، شرکة نوابغ الفکر.

٢٩/ ندا، طه (١٩٩١)، **الأدب المقارن**، بیروت ، دار النهضة العربیة.

٣٠/ هدارة، محمد مصطفی(١٩٥٨)، **مشکلة السرقات في النقد العربي (دراسة تحلیلیة مقارنة)**، مصر، مطبعة الأنجلو المصریة للطبع والنشر.

**. گۆڤار و ڕۆژنامەکان :**

٣١/ ڕۆستەم، سەرکۆ محمد(٢٠٠٧)، **مینە جاف و قانع لە بەراوردێکدا**،گۆڤاری گزنگ، ژمارە (٤٨)، گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد لقی کەرکوک.

٣٢/ مولود، عبداللە خدر(٢٠٠٧)، **کاریگەری شاعیرانی کلاسیکی کوردی لە سەر یەکتریدا**، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە (١١٨)

**. ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ هەریەک لە:**

٣٣/ جاف، حسن کریم بەگ،(٢٠٢٢/٦/٢)، **چاوپێکەوتن لەگەڵ برای شاعیر**، لە ڕۆژی پێنج شەممە کاتژمێری (٥٠ : ٩ )ی بەیانی لە ماڵی (ئیقبال)خانمی خوشکی لە شاری کەلار.

٣٤/ جاف، محمد محمود ڕەزا بەگ،(٢٠٢٢/٦/١٢)، **چاوپێکەوتن لەگەڵ خوشکەزای شاعیر**، لە ڕۆژی یەک شەممە کاتژمێری (٣٠ : ٩ )ی شەو.

٣٥/ جاف، هەتاو محمد امین کریم بەگ(٢٠٢٢/٥/٢٣)،**چاوپێکەوتن لەگەڵ کچی شاعیر**، لە ڕۆژی دووشەممە کاتژمێری (١٤ : ٥ )ی ئێوارە لە ماڵی خۆیان لە شاری کەلار.

**الملخص:**

التأثر الأدبي سمة أسلوبية تسهم في رقي الأدب وتطوره. وتقليد درج الشعراء عليه ويدل على أصالة المبدع إذا تعامل معها فنيا وأسلوبيا بإبدع بعيدا عن التقليد والمحاكاة، وهذه الظاهره حاضرة في الشعر الكوردي الكلاسيكي كغيرها وبنسب متباينة.

ويعد الشاعر (مينه جاف) أحد شعراء الكورد الكلاسيك الذي تأثرت تجربته الشعرية بالنتاج الشعري لمن سبقه أو عاصره في نفس الحقبة الزمنية، وعليه تسعى هذه الدراسة لعقد مقارنة بين النتاج الشعري للشاعر (مينه جاف) مع عينات شعرية وقع عليها اختيارنا لأربعة عشرة شاعرا كلاسيكيا لغرض المقارنة وبيان قدرة الشاعر و مدى نجاحه أو اخفاقه في مواضع التناص مع هذه العينات الشعرية المختارة على مستوى الأسلوبي والإبداعي.

**Abstract:**

Literary Infection is a stylistic pattern in which contributes of literature prestige and development. It is a pattern that the poets used to do and it indicates the authenticity of the creative if dealt with artistically and stylistically by creativity away from tradition and simulation, and this phenomenon is present in classic Kurdish poetry like others and in varying proportions.

The poet ''Mina Jaf'' is considered one of the classic Kurdish poets those his poetry experience was influenced by the poetry production of those who preceded or lived in the same period of time. This study therefore seeks to compare the poetry output of the poet (Mina Jaf) with poetry samples that we have selected for (fourteen) classic poets for the purpose of comparison and demonstrate the poet's ability, and the extent to which he succeeds or fails in positions of repetition with these selected poem samples at the stylistic and creative level.